# ئایا ماركسیەت ..
# بەڕاستی فەلسەفەیەك بوو بۆ دوێنێ؟
# كام خوێندنەوەو . . . كام بنەما؟

دلێر محەمەد شەریف

ماركس لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا (بەشدارییەكی رەخنەگرانە لە ئابووری سیاسی) دەڵێت: (خەڵك لەبەر هەمە كۆمەڵایەتییەكاندا دەچنە نێو پەیوەندییەكی دیاریكراوی پێویستو سەربەخۆ لە ئیرادەی خۆیان, ئەم پەیوەندییە بەرهەمهێنانە هاوسەنگە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە دیاریكراوە لە هێزی ماددی بەرهەمهێنان, كە كۆی ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان دەبێتە پێكهێنەری ژێرخانی ئابووری كۆمەڵگاو ئەو بنەما مادییە بەڵگە نەویستەی كە بنەمای سەرخانی یاسایی-سیاسی لەسەردەوەستێ, كە پەیوەستە بەشێوازەكانی هۆشیاری كۆمەڵایەتی دیاریكراو, هەر بۆیە تێزی بەرهەمهێنانی ماددی دیاری كەرو مەرجدانەری رەوتی ژیانی كۆمەڵگاو هۆشیاری گشتییە, نەك هۆشیاری مجردی خەڵك, چونكە بوونی ئەوانە هۆشیاری دیاری دەكەن).

هەڵبەت من هەرگیز نامەوێت مامەڵە لەگەڵ دەقە فەلسەفییەكانی ماركسدا بكەم بە پێوەری تەقدیسو میكانیكیەتو زهنیەتێكی دۆگمای پەرێزبووی واقیع, بەڵام ئەم خوێندنەوەیە كە ماركس چوارچێوە فكرییەكانی بۆ دارشتووە لە دەرەوەی تێڕوانینی خودی ماركسەوە پەیوەستە بە سروشتی پەرەسەندنی پێكهاتەكانی یاسای گشتی كۆمەڵگاو قۆناغێكی درێژ بە مێژوی ئەو پەرەسەندنەی كۆمەڵگای مرۆڤە كە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی تر گۆڕانو پەرەسەندنی بەسەردا هاتووەو بەر لە ماركسیش زۆر لە بیرەندان هەوڵی خوێندنەوەو دەستنیشانكردنی رەهەندو بنەماكانی دیاردەكانیان داوە, كە دەكرێت ئەم زهنیەتە فەلسفەیە لە ئەرستۆو سقراتو ئیفلاتونەوە بدینین تا هۆبزو لوكو روسوو پاشتریش مونتسیكۆ ماركسو ئینگلزو لینینو تروتسكیو بلیخانوفو گرامشیو.. هتد بەردەوام بێتو ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی پەرەسەندنی مێژووی كۆمەڵگاش بە بەشێك لەو پارسەندنە

تەماشا بکەین‌و لەو خاڵەشەوە توانای مارکس‌و فەلسەفەی مارکسی دیاری کەین کە بەرنامە رێژکەرو کۆکەرەوەی چەمکە فیکریانە بووەو بە ئاراستە گونجاوەکەیدا راستی کردۆتەوە.

خوێندنەوەکانی مارکس بۆ پەرەسەندن‌و ململانێکان سەرچاوەی لە چەمکی رەهای ماتریالیزم وەرگرتووە کە راست پەیوەستن بە تێگەیشتنێکی تر بۆ چەمکی (پێویست‌و حەتمیەت)ی پەرەسەندن‌و ئەوەشی بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ هەموو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە دیاردەو پەرەسەندنەکان داناوەو کە ئەمیش راست سەرچاوە لە خوێندنەوە سەرەکیەکەی مارکسیەت وەردەگرێ کە (کە حەتمیەتی گۆڕان‌و پەرەسەندنە)و بەڵگە نەویستی رانەوەستانی پەرەسەندنی کۆمەڵگایە, بە توانای پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە توانای دۆزینەوەی ئاگرەوە تا دروستکردنی یەکەمین ئامێری هەڵمی‌و پاشان دۆزینەوەی نوێترین تەکنەلۆژیای زانیاری‌و گەیاندن لەمڕۆدا.

هەڵبەتە پێویست وایە کاتێك چەمکی مارکسیەت دەخوێنینەوە هەرگیز لە گۆشە نیگایەکی بچووك‌و تەنیا لە چوارچێوەی پێناسەی (پرۆلیتاریا)دا لە ناوەڕۆکی مارکسیەت نەڕوانین, بە قەد ئەوەی کە ناوەڕۆکی مارکسیەت دەربڕی ناکۆکی‌و ململانێی نایەکسانی نێوان چینەکانە‌و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێی تر جۆرو شێوازی کارەکتەرەکانی ئەم ململانێیە دەگۆڕێ, بێگومان شێوازی رووبەڕووبوونەوەکانیش بەپێی فاکتەرەکانی ئەو ملانێیە دەگۆڕێت.. بەتایبەتی کەلای هەڵگرانی فکری مارکسی ئەوە روونە کە مارکسیەت مەنهەجێکی فرەلایەن‌و فراوانی تەواوی بونیادو شیکردنەوەکانی ئەو ململانێیەیە کە سەرچاوەکەی پەیوەستە بە پێکهاتەکانی (ئابووری, کۆمەڵایەتی, سیاسی, رۆشنبیری)و کە ئەمەش لە سنوورێکی بەرتەسکی ئایدیۆلۆژیاو تیۆرێکی سنوور بۆ دانراودا قەتیس نەبووەو نابێت, بەڵکو یەکێك لە گرفتەکانی خوێندنەوەی ئەم چەکە فکریە کە بەرتەسکی دەکات‌و مۆرکێکی دۆگماتیزمی دەداتێ پێناسەکردنێتی لە چوارچێوەی تیۆرێکی بە میکانیکی کراو کە لەڕاستیدا تێزی فکری مارکسیەت پێچەوانەی ئەو بەدحاڵی بوونەیە, کە ئەو راستییەش لە شێوازی مامەڵەکردن‌و خستنەڕووی لەگەڵ کۆمەڵگاو پەرەسەندنەکانی ژیانی کۆمەڵگادا دەردەکەوێت, ئەمە جگە لەو ناوەڕۆکەی کە مارکسیەت بە ژیانی مرۆڤایەتی بەخشیوە کە لە دوا پەرەسەندنیدا لە خاڵی یەکسانی‌و دادپەروەری‌و رەفاهیەتی ژیاندا چڕ دەبێتەوە, نەك تەنیا سنووربەندکردنی لە بۆتەی پرۆلیتاریاو حکومەتی پرۆلیتاریدا کە مارکس بە حوکمی شێوازی پەرەسەندنی سەرمایەداری‌و هۆشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا لە دەوڵەتانی پیشەسازی‌و شێوازی مامەڵەکردنی پرۆلیتاریا لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێنان کە ئەو (چین)ی وەك هێزێکی بەرهەمهێنەری کاراو, کاریگەر لەسەر

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغە دیاری کردووە, بەتایبەتی پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئەورووپاو کاریگەری کۆمۆنەی پاریس لەو سەرمەدا.. بەڵام هەرگیز نەیوەتووە کاتێك تەکنەلۆژیا جێگای هێزی کار دەگرێتەوە بێت مارکسیەکان هەر بە هەمان ریتمو شێوازی ئەو پەیوەندییە بڕیار لەسەر پەرەسەندنو جولانەکان بدەن, کە کرێکارو ئامێرو خاوەن کار پێکەوە دەبەستێتەوە, ئەمەش دروستی ئەو تێڕوانینەی مارکسە بۆ هەمیشە گۆڕانو پەرەسەندن.

مارکس بە ئاستی جیاجیاو بەپێی قۆاغە مێژووییە جۆر بە جۆرەکانی خوێندنەوەی بۆ زۆر مەسەلە هەبووە, کە بێگومان چەکی فکری مارکسیەت کلێشەیەکی ئامادەو لەشێوە راچێتە ئاسادا نەبووە بۆ چارەسەری ناکۆکیو ململانێکانو لە پرداو بە دابڕاوی لە پەرەسەندنەکانی مێژوو دانەرێژراوە, هەر بۆیە ئەو خوێندنەوە رەشبینیو رەشکردنەوەی مارکسیەت لەلای هەندێك لە رۆشنبیرانو بیرمەندان چ لەناو مارکسیەکانداو چ لە دەرەوەی مارکسیەکان کەوتنە خوێندنەوەی شێواوو کاریگەربوو بە روکەشێتی گۆڕانکارییەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری (لیبرالیزمی نوێ)و هەڵخەڵەتاو بە دروشمە بریقەدارەکانیان لە مافی مرۆڤو دیموکراسی کە لە راستیدا هەموو ئەو چەمکانە (مافی مرۆڤو دیموکراسیو یەکسانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی) بەشێکن لە گرنگترین ناوەرۆکەکانی فکری مارکسو مارکسیەت, کە ئەم خوێندوانە بە پلەی سەرۆکی پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەتو نەمانی شەڕی سارد گەشەی کرد, کە بەشێکیان مارکسیەتیان بەرووخانی سۆڤیەتو بلۆکی رۆژهەڵات بەستەوە.. کە هەرگیز ناکرێت سۆڤیەت بکرێتە پێوەرو نموونەی پەیرەوکردنی مارکسیەت. کە نمونەی شێواو رەشکەرەوەی ئەم چەمکە فکرییە بوو, کە زۆر لە رۆشنبیرانو بیرمەندانی فکری مارکسی ئەم هەرەسی سۆڤیەت دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ستالینو بەدواوە.

کە دەکرێت ئەمە بەشێکی ئەو راستییە بێت, بەڵام پێویستە ئەو راستییەش بوترێت کە سۆڤیەت نموونەیەکی رووسی بوو بۆ واقیعی روسیو کۆمەڵگای روسیا, چونکە مارکس کاتێك باس لەگۆڕانکاری سیستەمی سەرمایەداری دەکات پێی وایە شۆڕش بە گشتگیریو لە بەهێزترین پلەی پێگەیشتنی سەرمایەداریدا گەشە دەکاو سەردەکەوێ کە ئاستی پەرەسەندنو گەشەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ئاستی پێگەیشتندا بێت, واتە لە بەهێزترین بازنەی سەرمایەداریدا, لە کاتێکدا ئەم روانگەیە لەلای لینین بۆ شۆڕش لە روسیا بە پێچەوانەوە دەستی پێکرد.

واتە لینین پێی وابوو شۆڕش لە لاوازترین بازنەی سەرمایەداریدا دەکرێتو سەردەکەوێتو هەر ئەم تێڕوانینەش بوو شۆڕشی ئۆکۆتۆبەری خولقاندو بەسەر روسیای نزاریدا سەرکەوت.. کە هەڵبەتە ئەم خوێندنەوەیەی لینین بۆ واقیعی (سیاسی-ئابووری-کۆمەڵایەتی) روسیا بەپێی بارودۆخی بابەتیو زاتی دەکرێت گونجاو بووبێت, بەڵام مەرج نییە هەمان شێوازو پەرەسەندنو بارودۆخ لە شوێنێکی تری جیهانیو لە کۆمەڵگایەکی تردا کە پێکهاتەکانی (ئابووری-سیاسی-کۆمەڵایەتی) جیاوازنو لە رووی کاتو شوێنو, بارودۆخیشەوە جیاوازە بە هەمان پلەو ئەندازە رووبدات..

ئەمە جگە لەوەی کە مێژوو ئەوەی سەلماند کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوو یەك مێژووەو بەشێوەی قۆناغی لە دوا یەكو بەپێی پەرەسەندنە یەك لە دوای یەکەکان گەشە دەکاتو بازنادرێت بە سەریاندا.. کە ئەوە حوکمی پەرەسەندنی سروشیانە کۆمەڵگایە, کە لە روسیادا هەوڵدرا باز بەسەر تەواوکردنی قۆناغی سەرمایەداری بدات..

پاش ئەم خوێندنەوەیەو لە قۆناغی ئەمڕۆدا کە رۆژ بە رۆژ سەرمایەداری لە خۆ نوێکردنو لە پەرەسەندنو خۆر فراوانکردندایە.. ناکرێت مارکسیەکان بەهەمان ئاوازو کلێشەی رابردوو لە دیار دەکات بڕواننو دەرك بەو گۆڕانکارییە نەکەن کە مارکس پشتی پێ بەستووە لە خوێندنەوەیدا بۆ دیاردەکانو پەرەسەندنە مێژووییکانی ژیانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا.. بەتایبەتی لە جۆرو شێوازی داواکارییە چینایەتییەکانو شێوازی پێکهێنانی سیستەمی سیاسیو بنەما گشتییەکانی ئابووری. بەتایبەتیش جیهانێتی هێزی چەوساوەو زۆرلێکراو لە بەرامبەر نێودەوڵەتی بوونو جیهانی بوونی سیستەمی سەرمایەداریو سیستەمی نوێی جیهانی, کە بەرهەمهێنەری دەیان شەڕو شۆڕو هەژاریو زەبونیە بۆ زۆرینەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ لە خزمەت کەمینەیەتی دەوڵەمەندو تێری سەرمایەدارو دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو چینەدا کە خۆی لە سیمای نێودەوڵەتی (دەوڵەتانی ناوەندو کەناردا) دەنوێنی.. بەتایبەتیش بۆ دەوڵەتانی هەژارو دواکەوتوو کە بێگومان ئەم تێزەی سەرمایەداری لە نێو ئێمەشداو لە کوردستاندا دوورو دابڕونییە.. کە ئەمڕۆ زۆر بە روونی بونیادەکانی دەرکەوتوون.. کە بێگومان هەمان ئەو شێوازە ململانێو چەوساندنەوەیەی سەدەکانی پێشوو نییە بەتایبەتی سوود وەرگرتنی لە وێرانیو نەهامەتی ئەم سنوورە لە دواکەوتوویی دەوڵەتانی هەژارو بارودۆخە (سیاسییە-ئابوورییە-کۆمەڵایەتییە) ناسروشتییەکەیان. ئەم واقیعە نە بە کلێشە دروستکردنو نە بە سەپاندنی دەق دەخوێندرێتەوەو پێویستە بە زهنیەتی مارکسیانە تێی بڕوانین کە چۆن مارکسیەت تەفسیرکەری دیاردەکانەو خوڵقێنەری گۆڕانکاریەکانە, ئەوەش بە گەڕان بە دوای

خاڵە لاوازەکانی سەرمایەداریو خستنەڕوی داواکارییە گونجاوەکانی ئەم قۆناغە دەکرێت کە پێمواپە گرنگ ترین داواکاری (بۆ نموونە کوردستانی ئێمەدا) دەبێت هەوڵدان بێت بۆ سەپاندنی ئەو بنەما سیاسی-یاساییانەی کە زەمانەتی یەکسانیو دادپەروەریو رەفاهیەت دەکەن لە (نانو کارو ئازادی) بەتایبەتی کە لەلای ئێمە شێوازی پەرەسەندنی سەرمایەداری لە دەرەوەی ئاقاری پەرەسەندنە ناوخۆییەکان گوزەر دەکاتو هێشتان ململانێ چینایەتییەکان لە نێوان تێرو برسیدایە نەك پرۆلیتاریاو خاوەن کار.. واتە هێشتان لەلای ئێمە دەوڵەتی پیشەسازی سەرمایەداری دروست نەبووە, کە بێگومان ئەوەش یەکێکە لە سیماکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئاست جیهان.. کەئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ شێوازی نوێتر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا.

کە دەکرێت لە نموونەی (کۆمپانیاکانی مایکرۆسۆفتو هێڵی ئاسمانی و هێڵی شەمەندەفەرو بۆرسەکان) لەم دیاردەیە بڕوانین کە لە مڕۆدا دەوڵەمەنترین سەرمایە جیهانی بەدەست ئەمانەوەیە,, بێ ئەوەی راستەوخۆ کرێکار بچەوسێننەوە, یان دەکرێت لە شێوازی پەرەسەندنی ئابووری بازرگانییەوە لە شێوازی پەرەسەندنی سەرمایەداری بڕوانین.. کە لەمڕۆدا رێکخراوی بازرگانی جیهانی هەڵی دەسوڕێنێ..

کە هەمووی دیاردەی ئەم سەردەمەن.. مارکسیش سەرەتاکانی ئەم دیاردانەی لە تێڕوانینەکانیدا نیشانداوە بەتایبەتی لە مەسەلەی دەوڵەتو پەرەسەندنی کۆمپانیا مونوپولەکاندا..

هەڵبەتە هەموو ئەمانە زیندوویی دروستی مەسەلەفەیەی مارکس دەخەنەڕوو کە دەکرێت کۆمەڵگای مرۆڤ هەمیشە سوودی لێ وەربگرێتو تەفسیری واقیعی پەرەسەندنەکانی لێوە بکات.. هەروەك چۆن سەرمایەداری هەوڵیداوە نەك هەر خۆی نوێ بکاتەوە بڵکو سوود لە خوێندنەوەکانی مارکسو بیرمەندانی مارکسیش وەرگرێت بۆ پەرەسەندنو چەسپاندنی خۆی..

هەموو ئەو خوێندنەوەو تێڕوانینانە لە نێو چەمکی فکری مارکسیدا بۆ حزوری مارکسیەت لەم واقیعەو لەم سەردەمەدا.. لەوانەیە خۆی لە ئاراستەبوونێکی (ناوخۆیی-جیهانی)دا بنوێنێ بە هەناسەی سوود وەرگرتن لە بچووکترین خاڵە لاوازەکانی سەرمایەداریو بە هەنگاونانێکی جیهانیانە لە ئاست جیهانو بە جوڵانێکی واقیعیانەی ناوخۆییو بەپێی سروشتو جۆرو ئاستی پەرەسەندنە ناوخۆییەکان بکرێت. کە لەمڕۆدا زۆرتر خۆی لە ناسنامەی (چەپێکی-مارکسی-دیموکراسیدا) دەنوێنێو جۆرێك لە حزوری لە جیهان دروست کردووە.. کە ئەم ئاراستەیە نامۆو دابڕاونییە لە ناوەڕۆکی مارکسیانە بۆ دیاریکردنی ململانێو دیاردەکان گۆڕانکاریو بەشێکیشە لە رەوتی مێژوویی

مارکسیزمو پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگادا کە لە دوا مەبەستدا خۆی لە خولْقانـدنی یەکسانی لـە مـافو دادپـەروەری لـە دابەشـکردنی بەرهـەمو رەفاهیـەت لـە ژیانـدا دەنوێنـێ, ئـەوەش زهنیـەتی سـەرەکی فەلسـەفەی مارکسیەتە.. هـەر بۆیـە مارکسـیەت هەمیشـە چـەمکێکی زینـدووەو فەلسـەفەی دوێنـێو ئەمرۆشەو سبەینێش خوێندنەوەی تری دەوێت..